**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە ١١٧٦٧ لە ٢٠٢٣/٥/٤**

پاڵپشــت بەو دەســەڵاتەی پێمان دراوە لە یاســای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ســاڵی ٢٠٠٩ لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**هەمواری سێیەمی ڕێنمایی تایبەت بە ڕێکخستنی کاری کۆمپانیاکانی (هاوردەکردن و گواستنەوە و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل) و پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٢١**

**ماددەی (١):**

زیادکردنی خاڵی (٣و٤) بۆ بڕگەی (سێیەم) لەماددەی( سێیەم )بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

٣- کۆمپانیاکانی **(هاوردەکردن و گواســتنەوە و فرۆشــتنی ئۆتۆمبێل)** و پێشــانگاکانی فرۆشــتنی ئۆتۆمبێل دەتوانن داوای هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی کارکردن و کۆدی گرێبەستی ئەلیکترۆنی بکەن بە پێشــکەش کردنی داواکاریەک بۆ وەزارەتی ناوخۆ/بەڕێوەبەرایەتی گشــتی دیوان/ بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان .

٤- کۆمپانیا یان پێشانگا دەتوانێت لق بکاتەوە لە هەمان پارێزگا بە کۆدی جیاواز بۆ ئەم مەبەستەش ڕسوماتی ئەو چالاکیەی لێوەردەگیرێت کە بەپێی ئەحکامەکانی ماددەی دەیەم (بڕگەکانی یەکەم / رسومات) لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١ی وەزارەتی ناوخۆ دیاری کراوە .

**ماددەی (٢):**

هەمواركردنەوەی بڕگە (٢) لە ماددەی **(چوارەم)** بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

پێویســتە گشــت کۆمپانیاکان و پێشــانگاکان لەکاتی فرۆشــتنی ئۆتۆمبێل گرێبەســتی ســتانداردی فرۆشــتنی ئۆتۆمبێل کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ ڕێک دەخرێت بەزمانی کوردی و عەرەبی بەکار بهێنێت بۆئۆتۆمبێلی کاتی یان تۆمارکراو بەومەرجەی گرێبەستەکە لەناو بارەگای کۆمپانیاو پێشانگاکان بەئامادەبوونی کڕیار و فرۆشیار ئەنجام بدرێت ,بە پێچەوانەوە بەسەرپێچی هەژمار دەکرێت.

**ماددەی (٣):**

هەمواركردنەوەی بڕگە (٤) لە ماددەی **(شەشەم)** بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

پێویستە کۆمپانیا یان پێشانگای فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ژوورێکی تایبەت بۆ ئەنجامدانی (گرێبەستی ستانداردی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل) و ئەرشیفی ئۆتۆمبێلە فرۆشراوەکان ئامادە بکات کە تیایدا بۆ هەر ئۆتۆمبێلێک فایلێک ڕێک بخات کە ئەم بەڵگەنامانە لەخۆ بگرێت :

أ . وێنەیەک لە گرێبەستی ستانداردی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل .

ب. وێنەیەکی ڕەنگاو ڕەنگ لە منافێست و گشت بەڵگەنامەکانی ئۆتۆمبێلی فرۆشراو بۆ یەکەم جار یان ئۆتۆمبێلی پێشتر تۆمارکراو و فرۆشراوە لە لایەن کۆمپانیا یان پێشانگا .

**ماددەی (٤):**

هەموار کردنەوەی ماددەی نۆیەم لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١ و ماددەی چوارەم لە بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە :

پێویستە لەسەر کۆمپانیاکانی هاوردەکردن یان فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە هاوردەی کردووە دوای تێپەڕبوونی ماوەی (١) ساڵ لەسەر داخل کردنی ئۆتۆمبێل لەسەر ناوی کۆمپانیا تۆماری بکات ئەگەر نەفرۆشرابێت لەو ماوەیەدا ، ئەم ماددەیە تەنها ئۆتۆمبێلی تایبەت دەگرێتەوە .

**ماددەی (٥):**

زیادکردنی خاڵی(٥و٦و٧) بۆ برگەی(**دووەم/ پێبژاردنەکان**) لەماددەی(**دەیەم**)و بەم شێوەیەی خوارەوە

٥- بڕی (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار وەک پێبژاردن لەگەڵ ڕاگرتنی کۆدی گرێبەستی ستانداردی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بۆماوەی (١٠) ڕۆژ بۆ هەر کۆمپانیا و پێشانگایەکی ئۆتۆمبێل کە بە سەرپێچی گرێبەستی ستانداردی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ئەنجام بدات لە دەرەوەی بارەگاکانیان بۆ جاری یەکەم .

٦- بڕی (٤٠٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن دینار وەک پێبژاردن لەگەڵ ڕاگرتنی کۆدی گرێبەستی ستانداردی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بۆماوەی (٢٠) ڕۆژ بۆ هەر کۆمپانیا و پێشانگایەکی ئۆتۆمبێل کە بە سەرپێچی گرێبەستی ستانداردی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ئەنجام بدات لەدەرەوەی بارەگاکانیان بۆ جاری دووەم .

٧- بڕی (٤٠٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن دینار وەک پێبژاردن لەگەڵ ڕاگرتنی مۆڵەتی کارکردن بۆماوەی (١) یەک ساڵ بۆ هەر کۆمپانیا و پێشانگایەکی ئۆتۆمبێل کە بە سەرپێچی گرێبەستی ستانداردی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ئەنجام بدات لە دەرەوەی بارەگاکانیان بۆ جاری سێیەم .

**ماددەی (٦):**

هەڵوەشاندنەوەی ماددەی (**چواردەیەم**) لە ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١ و ماددەی نۆیەم لە بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ و ماددەی یەکەم لە بەیانی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٢ بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

١- درێژکردنەوەی ماوەی مۆڵەت پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەت بە هەموو ئەو کۆمپانیا و پێشانگایانەی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل کە کێشەی خاوەنداریەتی و شارەوانیان هەیە تا ڕێکەوتی (٣١)ی ٢٠٢٣/١٢ پێویستە کێشەکانیان لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار و حکومەت چارەسەر بکەن بە پێی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢١ هەموارکراو .

٢- گشت ئەو کۆمپانیا و پێشانگایانەی کە تا ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/٣١ خۆیان تۆمار نەکەن دادەخرێن .

**ماددەی (٧):**

ئەم ڕێنماییە لەڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**